# مامۆگرافی · Mammografi

## پشکنینی مەمک بە خۆڕایی

## Gratis bröstundersökning




بەخێربێیت! ئێمە دەتوانین بە زوویی شێرپەنجە بدۆزینەوە، بەر لەوەی خۆت هەستت بە شتێک کردبێت ، جا لەو حاڵەتەدا دەتوانین یارمەتیت بدەین. مامۆگرافی ژیان ڕزگاردەکات!

Välkommen! Vi kan hitta bröstcancer tidigt, innan du själv hunnit märka något och du kan då få hjälp. Mammografi räddar liv!





ئێمە پێویست دەکات ناسنامەکەت ببینین. هەروەها ئێمە پێویستمان بە ژمارەی تەلەفۆنەکەت دەبێت. پشکنینەکە بە خۆڕایی یە و ٥ خولەک دەخایەنێت.

Vi behöver se din legitimation. Vi vill också ha ditt telefonnummer. Undersökningen är gratis och tar 5 minuter.




ئێمە سەیری مەمکەکانت دەکەین و بە ئامێرێک وێنەیان دەگرین. بۆ ئەوەی وێنەی باشمان دەستکەوێت پێویست دەکات مەمکت لە سەرەوە و خوارەوە بگوشین. گوشارەکە نزیکەی ٥ خولەک دەخایەنێت. ڕەنگە کەمێک هەست بە ناخۆشی بکەیت بەڵام ئەمە مەترسیدار نیە.

Vi tittar på dina bröst och tar bilder med en maskin. För att få bra bilder behöver vi trycka ihop bröstet. Trycket varar ca 5 sekunder. Det kan kännas lite obehagligt men det är inte farligt.



دەشێت جلەکانی سەرەوەی لەشت داکەنیبێت. پەرستارەکە پیشانی دەدات کە دەبێت تۆ چی بکەیت و کۆنترۆڵی ئامێرەکە دەکات بۆ ئەوەی گوشارەکە بە ڕادەی پێویست بێت و وێنەکان باش دەرچن. وا چاکە ئارام بیت و خۆت شلکەیت.

Du får klä av dig på överkroppen. Sköterskan visar hur du ska göra och kontrollerar maskinen så att trycket blir lagom och bilderna blir bra. Det är bra om du kan slappna av.



پاشان دەتوانیت جلەکانت لەبەرکەیتەوە. پشکنینەکە تەواو دەبێت و دەتوانیت بچیتەوە بۆ ماڵەوە.


Sedan får du klä på dig igen. Undersökningen är klar och du kan gå hem.

För info om symbollicenser: http://www.dart-gbg.org/licenser
Detta bildstöd är skapat via www.bildstod.se i samarbete med Mammografi, Sahlgrenska universitetssjukhuset

# مامۆگرافی · Mammografi


## پشکنینی مەمک بە خۆڕایی

## Gratis bröstundersökning



ئێمە دەخوازین چەند پرسیارێکت لێبکەین کە بۆ پشکنینەکە گرنگە.

Vi vill ställa några frågor som är viktiga för undersökningen.




ئایا هیچ نیگەرانیەکەت هەیە لە مەمکەکانت؟ ئایا هەستت بە هیچ گرێیەک کردووە؟

Har du någon oro för dina bröst? Har du känt någon knöl?



ئایا هیچ نەشتەرگەریەکی مەمکەکانت کردووە؟ ئایا نەشتەرگەریی شێرپەنجەی مەمکت بۆ کراوە؟ ئایا مەمکت بچووک کردۆتەوە یان بە چاندن (Implantat) گەورەت کردووە؟ لەو حاڵەتەدا کام لایان و چ ساڵێک؟

Har du gjort någon bröstoperation? Är du opererad för bröstcancer? Har du förminskat brösten eller lagt in implantat? I så fall på vilken sida och vilket år?



ئایا لەمەوبەر مامۆگرافیت ئەنجام داوە، لەو حاڵەتەدا لە کوێ؟

Har du gjort mammografi tidigare, i så fall var?




ئایا لە ڕیشەی خێزانەکەتدا هیچ کەسێک شێرپەنجەی مەمکی هەبووە؟ لەو حاڵەتەدا کێ و لە چ تەمەنێکدا؟


Är det någon i din släkt som har haft bröstcancer? I så fall vem och i vilken ålder?

För info om symbollicenser: http://www.dart-gbg.org/licenser
Detta bildstöd är skapat via www.bildstod.se i samarbete med
Mammografi, Sahlgrenska universitetssjukhuset

# ماموٚگرافی · Mammografi


## پشکنینی مەمک بە خۆڕایی

## Gratis bröstundersökning



تۆ ئەنجامەکەیت بە نامەیەک لە لایەن پشکنینەکەوە بەدەست دەگات. لە میانەی چوار هەفتەدا ڕەوانە دەکرێت بۆ ماڵەوە.

Du får ett brev med resultatet från undersökningen. Det kommer hem till dig inom fyra veckor.



ئێمە لە نامەکەدا دەینووسین کە تێکرای شتەکان چۆن بوون، یان ئەگەر پێویست بکات ئێمە پشکنینی زیاتری مەمکەکانت بکەین.

I brevet skriver vi om allt ser bra ut, eller om vi behöver undersöka brösten mer.



ئەگەر هیچ نامەیەکت لەماڵەوە بەدەست نەگەیشت، دەشێت تۆ زەنگمان بۆ لێدەیت.

Om du INTE får något brev hem ska du ringa till oss.



گرنگە تۆ هەموو جارێک کە بانگهێشت دەکرێیت بێیت بۆ ماموٚگرافیەکە. هەموو ئەو ژنانەی لە نێوان ٤٠ بۆ ٧٤ ساڵان هەموو ٢١ مانگ جارێک بانگ دەکرێن. دووبارە بەخێربێیتەوە!

Det är viktigt att du kommer till mammografin varje gång du blir kallad. Alla kvinnor mellan 40 och 74 år kallas med 21 månader emellan. Välkommen tillbaka!

För info om symbollicenser: http://www.dart-gbg.org/licenser
Detta bildstöd är skapat via www.bildstod.se i samarbete med
Mammografi, Sahlgrenska universitetssjukhuset